


## تەختە سڕەوەی زیرەک

تەختەرەشە واتە (بلاك بۆرد) ساڵانی ساڵ لە قوتابخانەکان سوودی لێوەردەگیرا، دواتر گۆڕدرا بوو بە تەختەسپی واتە (وایت بۆرد). کە جیهانی ئامێرە زیرەکەکان بەرەو پێش ڕۆیشت، ئیدی تەختەکان بوون بە تەختەی دیجیتالی.

چ لە تەختەرەشە و چ لە تەختەسپی پارچە ئەسفەنجێك هەیە بۆ سڕینەوەی تەختەکە. لەم سەردەمەدا ئەو پارچە سڕەوەش بۆتە ئامێرێکی زیرەك!

لە وڵاتی کۆریادا تەختەسڕەوەیەکی هۆشمەند بەرهەم هاتووە کە بە جۆری Era Scan کە سەرەڕای سڕینەوەی تەختەکە، سکان لە هەموو نووسینی سەر تەختەکە هەڵدەگرێ و دەیکاتە فایلێك و بۆ ئەو ئیمیلانەی کە پێشتر تێیدا تۆمارکراون دەنێرێ..

تەختەسڕەوەی ناوبراو هۆشمەندە، هێماکانی سەرتەختەکە دەناسێ و شێوازە ئەندازییەکان لێکجیا دەکاتەوە و دەستخەتەی وانەبێژەکان دەناسێتەوە و هێماکانی تایبەت بە بیرکاری و زانست و فیزیا لێکجیا دەکاتەوە، دواتر لەناوخۆیدا هەم بەشێوەی فایلێکی PDF خەزنی دەکات و هەم نووسینەکانی سەر تەختەکە دەکاتە بە فۆنتی کۆمپیوتەر دادەڕێژێتەوە بۆ ئەوەی دەستکاری بکرێن.



## پێنووسی کامێرای سیخوڕی

کاری سیخوڕی قەڵەم باشترین ئامرازە، کەمتر بیرلەوە دەکرێتەوە لە پێنووسێکی بچووکدا ...ەکی بەهێزی بە کوالیتی full HD هەبێت. بەڵام ...ی جۆری PORTOCAM ئەم کارە ئەنجام دەدات، ...کە کامێراکەی لەسەرەوەیە و لە ڕەنگی قەڵەمەکەیە ...ەست پێناکرێ. قەڵەمەکە بۆ ڕۆژنامەنووسانیش ...ڕنگە، بۆ ئەو شوێنانەی کە ئیزنت پێنادرێ بە کامێرا فیلم هەڵبگریەوە، یان بۆ ئەو کەسانەی ئامادە نین لەبەر کامێرا وتووێژ بکەن. دیارە قەڵەمێکی دیکەی لەم جۆرە زۆرن، بەڵام پێنووسی ئاماژە بۆکراو نە تەنیا بۆ ڕۆژی ڕووناك، بەڵکو لە شەوی تاریکشدا بەهۆی بوونی تیشکی سەرووی سوور فیلم هەڵدەگرێتەوە.

قەڵەمەکە دەکرێت بۆ کۆڕ و سمینارەکانیش لەگەڵ خۆت بیبەی و بەهۆیەوە ئەو بابەتانەی لەوێ باس دەکرێن بە فیلمی فوول ئیچ دی تۆماری بکەی. یان بۆ ئەو کاتانەی کە شوێنەکە زۆر هەستیارە و دیمەنەکە خێرا دەڕوات سوودی خۆی هەیە. کارکردنی قەڵەمەکە زۆر ئاسانە تەنیا دەست لە دوگمەیەك بدە ئەرکی تۆمار کردن دەست پێدەکا. دەتوانێت ١٨٠ خولەك لە ڕۆژ و ٩٠ خولەك لە شەودا فیلم تۆمار بکاتت بەبێ ئەوەی شەحنی دابەزێت.

## ئەنتەل لاپتۆپێکی

لە پێشانگای ساڵانەی (کامپیوتێکس)دا کە زۆربەی بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ بەشداریان تێدا کرد، پێشانگای ساڵانەی (کامپیوتێکس) ئەمساڵ لە تایوان بەڕێوەچوو، پێشانگاکە تایبەتە بە بوارەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەر.

کۆمپانیای ئەنتەل لەو پێشانگایەدا لاپتۆپێکی ناوازەی خستەڕوو. هەرچەندە هەتا ئێستا زانیارییەکی





# مۆبایلەکەت بکە بە کۆمپیوتەر

مۆبایل و کۆمپیوتەر لە زۆر بواردا تەواوکەری یەکترن. مۆبایل جێگرەوەیەکی باشە بۆ کۆمپیوتەر، راستە لە هەموو بوارێکدا ناکرێت مۆبایل لە بری کۆمپیوتەر بەکار بێنی، بەڵام بۆ هەندێك لایەنیش هیچ کێشەی نییە و زۆریش گونجاوە.. بۆ نموونە کردنەوەی ماڵپەڕەکان، چات کردن و چوونە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گوێدان بە گۆرانی و سەیرکردنی فیلم و..تاد. بۆ بوارەکانی گرافیك و ژمێریاری و ئەندازیاری و.. تاد، ئەوە قەت مۆبایل کاری کۆمپیوتەری پێ ناکرێت. نەبوونی شاشەیەکی گەورە بۆ مۆبایل ئەو ئیزنە بە بەکارهێنەرەکەی نادات دەستی ئاواڵا بێت لە جێبەجێکردنی زۆر ئەرکدا کە بە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەهۆی پایە یا ستاندی جۆری NuDock ئەوە بە ئاسانی مۆبایلەکەت بکە بە کۆمپیوتەر. ئەم پایەیە مۆبایلی لەسەر دادەنرێ و وزەی بارگاوی کردنی مۆبایلەکەشی لە ئەستۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنەر دەتوانێت شاشە یا تیڤیەکی گەورە لە مۆبایلەکە پەیوەند بکات و ئەوەی لەسەر شاشەی مۆبایلەکەیە لەسەر شاشەیەکی گەورەتر ببیندرێ. گشت کەلێنەکانی پەیوەندی وەك USB، سلایدی micro SD هەروەها HDMI و پۆرتی AUX.. تێدایە و بەهۆی کێبڵی خۆیانەوە دەکرێت لە هەریەك لەو ئامێرانەی کە خاوەنی ئەو پۆرتانەن پەیوەند بدرێن.



# تەلەڤزیۆن یا مۆبایلێکی گەورە

تەلەڤزیۆن هەمیشە شێوازی نیشاندانەکەی بەشێوەی ئاسۆیی بووە واتە لاکێشەیی. سامسۆنگ ویستوویەتی گۆڕانکاری لەم بوارەدا پێکبێنی و تەلەڤزیۆنی sero بەرهەم هێناوە کە بەشێوەی ستوونی فیلم نیشان بدات، دروست وەك مۆبایلێکی گەورە دەچێت.


سایزی تیڤیەکە ٤٣ ئینجە و بە هەردوو شێوازی ئاسۆیی و ستوونی دادەندرێ. سامسۆنگ هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم تەلەڤزیۆنە بۆ ئەمە دەگەڕێنێتەوە کە مۆبایلەکان هەموویان بەشێوەی ستوونی سوودیان لێوەردەگیرێ و ئەو فیلم و وێنانەی کە بە مۆبایل دەگیردرێن و دواتر لەسەر تیڤی نیشان دەدرێن بە رێکی دەرناکەون، بەڵام لەو تیڤیەدا رێك وەك مۆبایل دەچێت.

# ناوازە دەخاتە ڕوو

ورد لەسەر خودی لاپتۆپەکە نییە، بەڵام ئەوەی خرایە ڕوو کە وێنەکەی لێرەدا دەیبنن، لاپتۆپێکی ناوازەیە و شێواز و ستایلەکەی لە لاپتۆپەکانی دیکە جیاوازە.

لاپتۆپەکە بۆ کەسانی ئاسایی نییە، ئەوانەی کاری گرافیك یا مۆسیقا و ستۆدیۆ دەکەن بۆ ئەوان گرنگی خۆی هەیە. زۆر وەك لاپتۆپی جۆری zenbook pro duo دەچێت.

شاشەی لاپتۆپەکە ١٥,٦ ئینجە. کوالیتیەکەی فوول ئیچ دییە. شاشەی دووەمیشی ١٢,٣ ئینجە و بەتەواوی دەسووڕێت. ئەم لاپتۆپەکە بە جۆرێکە بەتەواوی لە کیبۆردەکەی خۆی جیا دەکرێتەوە و بۆ لای سەرەوە دەجوڵێت. بەم هۆیەوە دەتوانیت باشترین گۆشە بۆ سوود وەرگرتن لە لاپتۆپەکە هەڵبژێریت. لاپتۆپەکە لە یەکەی لێکدانەوەی نەوەی نۆیەمی خۆی واتە core i9 سوود وەردەگرێ. سیستەمی فێنککەرەوەیەکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی لە ئەرکە قورسەکانیدا گەرم دانەیەت و هەروەها کارتی شاشەیەکی بەهێزیش.. هەروەك ئاماژە پێکرا هێشتا ئەنتەل زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر بڵاونەکردۆتەوە، پێدەچێ ساڵی ٢٠٢٠ بکەوێتە بازاڕ.






# میمۆری بچووک یەک ترابایت

زانست بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ، بەو خێراییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ئێستا بەرەو پێش دەچێ، دەبێ لە داهاتوودا بە کوێ بگا؟ پێنج ساڵ لەمەوبەر میمۆرییەکی ٥٠٠ گیگابایتیش بە خەیاڵ دەژمێردرا.. ئەمڕۆ دەبینین میمۆری کارتی یەك ترابایتی بەرهەم هاتووە، واتە زیاتر لە هەزار گیگا..

تەنکۆڵەیەك کە بەقەد نینۆکێك دەبێت چ داتایەکی گەورە لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کتێبخانەیەکی مەزنی هەزاران کتێبی.. زیاتر لە سەد فیلم بە کوالیتی یەکجار بەرز، هەموو لە نینۆکێکدا!

ساڵی رابردوو سامسۆنگ یەکەم مۆبایلی یەك ترابایتی خستەڕوو، مۆبایلی گەلەکسی نۆت ٩ کە ٥١٢ گیگابایت میمۆری ناوخۆی و ئەوەندەی دیکەش میمۆری دەرەکی.

دواتر سامسۆنگ گەلەکسی S10+ی خستەڕوو کە یەك ترابایت میمۆرییەکەیەتی، پێدەچێ هەر بەوەندەش نەوەستێ و لە داهاتوویەکی نزیکدا مۆبایلێك بەرهەم بێت کە میمۆرییەکەی ٢ ترابایت بێت، ئاماژەکان هەر لە ئێستاوە دیارن کۆمپانیای sanDisk یەکەمین کارتی مایکرۆی یەك ترابایتی بەرهەم هێنا.

میمۆری یەك ترابایتی لە جۆری UHS-I mi-croSD بەشێوەی فەرمی خستیەڕوو. هەرچەندە ئێستاکە خودی میمۆری کارتەکە نرخەکەی لە مۆبایلێکی باش گرانترە، بەڵام لە داهاتوودا هەرزان دەبێت..

خێرایی خوێندنەوە و واتە داتا خستنە سەر میمۆرییەکە ١٦٠ میگا لەچرکەیەکدایە. ئەم میمۆری کارتە بۆ تۆمارکردنی فیلمی 4K, fullHD گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێزمان دەپرسێت، دەمەوێ ماوەیەك چالاکی و ئەکتیڤی هەژماری فەیسبووکەکەم رابگرم و بەجۆرێك هەر لە لیستی هاوڕێیانیشمدا نەمێنم، چ هەنگاوێك بگرمە بەر؟**


خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی فەیسبووکەت لە چالاکی رابگری، بچۆ سەر بەشی رێکخستن ئەوەی کە پێیدەگوترێ setting لەو بەشەدا لە بەشی general شوێنێك هەیە نووسراوە Manage Account لەو بەشدا کلیك بکە. داوای پاسۆردت لێدەکا و پاسۆردەکەت لێبدە. دەپرسێت ئایا نیازت هەیە فەیسبووکەت لە چالاکی رابگری، کە وەڵامت داوە، چەند فەرمانێکت نیشان دەدا وەك: دەمەوێ ماوەیەك دووردکەمەوە لە فەیسبوك، فەیسبوك چێژێکم پێنابەخشێ، فەیسبوك کێشەی بۆ دروستکردوم و...تاد. دوای ئەوە یەکێك لەو فەرمانانە هەڵبژێرە و Manage کلیك بکە. ئیدی هەتا تۆ نەچیە سەر فەیسبووکەت، لەلای هاوڕێیانت وەك ئەوە وایە هەر فەیسبوکت نەمابێ.

## بچووکترین سپکەری زیرەک

لەم سەردەمی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا، گشت ئامێرەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە، ئێستا کاتژمێر هەر ئەو ئامێرە نییە کە کات نیشان بدا، یان سپیکەر (بڵندگۆ) هەر ئەوە نییە کە دەنگی ئامێرەکان بۆ تۆ بەرزتر و خۆشتر و بێ کێشەتر لێبدا.. بەڵکو سپیکەری ئەم سەردەمە خۆیان راستەوخۆ لە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێن و هەر بە دەنگی خۆت فەرمان دەکەی کە حەزت لە چ گۆرانییەکە کە بۆت بدۆزێتەوە و لێیبدا..

سپیکەرە زیرەکەکان زۆر ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدەن، وەك خوێندنەوەی چیرۆك بۆ منداڵان و هەواڵ خوێندنەوە و خوێندنەوەی کەش و هەوا...

کەری زیرەکی جۆری Home speaker 300 بچووکترین سپیکەری زیرەکە. چوارچێوەکەی ئەلۆمینۆمە.



ستایل و دیزاینی سپیکەرەکە ناوازەیە، هیچ شاشەیەکی نییە بگرە دوگمەکانی لەسەرەوەن و مایکێکی تایبەتی هەیە کە فەرمان لە بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێت.

سپیکەری ناوبراو لەگەڵ سیستەمی دەنگی گوگل واتە google assistant و هەروەها ئەلکسا دەگونجێت، بەڵام دەتوانی تەنیا یەکێکیان لەو دوانە هەڵبژێری و هەردوو سیستەمەکە لە یەك کاتدا ناکرێت.

# ئامێرێکی گەیمی زۆر ناوازە




زۆر جار لەو لاپەڕەیەدا زانیاری و هەواڵمان لەسەر گەیم و ئامێری گەیم بڵاوکردۆتەوە. ڕەنگە بۆ زۆر کەس پرسیار بێ بۆ گەیمی ئەلکترۆنی ئەوەندە گرنگی پێ دەدرێ؟

لە جیهانی ئەمڕۆدا بەهێزترین کۆمپیوتەر و لاپتۆپەکان، باشترین ئامێرە ئەلکترۆنییەکان تایبەت بەگەیم دروست دەکرێن. گەیم هەر بۆ کات بەسەربردن نییە، ڕاهێنانی مێشکە بۆ لەبیرنەچوونەوە، بۆ ئارامی و حەسانەوە، بەڵام خووگرتن بە گەیم زیانی گەورە هەم بە جەستە و هەم بە بواری دەروونی کەسەکە دەگەیەنێ.

لەم ماوەیەدا ئامێرێکی زۆر ناوازە تایبەت بەگەیم بەناوی playdate بەرهەم هاتووە، ئامێرێکە بچووکە و بەقەد مۆبایلێك دەبێت، تەنیا ڕەنگی زەردی هەیە. شاشەکەی کە کەمتر لە ٣ ئینجە ڕەش و سپییە. بۆ کۆنترۆڵی یارییەکان دوگمەی تایبەتی هەیە لەگەڵ هەندرێڵێکی تایبەت، خاڵی جێگای سەرنجیش هەر ئەو هەندرێلە.

کاتێك ئامێرەکە دەکەیەوە تەنیا یەك یاری تێدایە و هەر هەفتەیەك ئۆتۆماتیکی یارییەك بە ئامێرەکەوە زیاد دەبێ. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ، سیستەمی وای-فای هەیە لەگەڵ بلوتوس و شوێنی کێبڵی USB. هەتا ئێستا ئامێرەکە لەلایەن ئۆگرانی یارییەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکراوە، بەڵام هەر ئەوەی کە شێوازی کارکردن و جۆری ستایلەکەی جیاوازە و ناوازە دێتە بەرچاو ڕەنگە گرنگی پێ بدرێ.



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان

فۆرماتەکانی فیلمە ڤیدیۆییەکان هەموو وەك یەك نین، فۆرمات یانی جۆری لێدان و بڵاوکردنەوەی فایلەکان. ئەو فیلمانەی بە کامێرای جۆری دیجیتالی دەگیردرێن، لەگەڵ ئەو فیلمانەی بە کامێرای ئەنالۆگ دەگیردرێن یەك فۆرمات نین، یان سەدان جۆری دیکەی فورمات هەیە کە هەرکامیان بۆ شێوازێکی تایبەت دەبێت. بۆ نموونە فۆرماتی فایلەکانی مۆبایل لەگەڵ فۆرماتی فایلەکانی کۆمپیوتەر ئەگەرچی زۆرجار لێك نزیکن، بەڵام لە زۆر بواریشدا لێك جیان.

بەکارهێنەر پێویستە بۆ هەر مەبەستێك فۆرماتی فایلەکەی خۆی بگۆڕێ، بۆ ئەم کارەش دەیان پرۆگرامی تایبەت بەم بوارە هەن، جگە لەوەش چەندین ماڵپەڕی تایبەت بەشێوەی ئۆنلاین ئەم کارە ئەنجام دەدەن، یەکێك لەم ماڵپەڕانە، ماڵپەڕی freemake.com.یە. ئەم ماڵپەڕە زیاتر لە پێنج سەد جۆری فۆرماتی ڤیدیۆیی تێدایە. تەنانەت فیلم بە ژێرنووسیش دادەنێت. بەڵام کێشەیەکی هەیە لە خوارەوەی فایلەکەدا ریکلام بۆ خۆی دەکات.

## پرۆگرامێک بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی وێنەکان

جار هەیە لە کاری دیزاین و نەخشەسازیدا، پێویستت بە وێنەیەکە کە ئەم وێنەیەش نایابە و گیر ناکەوێ، وەك ئەوەی وێنەکە کۆنە، یان کوالیتی زۆر لە خوارێیە. نە تەنیا لە کاری دیزاین و گرافیکدا بەڵکو بۆ لایەنی ئەمنیش پێویستت بەوەیە کە وێنەیەك کوالیتییەکەی بەرز بکەیەوە.

بۆ ئەم کارە پرۆگرامگەلێکی تایبەتی هەن، یەکێك لەو پرۆگرامانە SILKYPIX Developer Studioە، ئەم پرۆگرامە بەو تواناگەلەی هەیەتی باشترین ئاکام بۆ بەکارهێنەرەکەی دێنێت.

کارکردن بەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە، پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە، وێنەکان بەرز دەکاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ تێك بچن. هەندێك پرۆگرام وێنەکان گەورە دەکەنەوە، بەڵام تێکی دەدەن، ئەم پرۆگرامە وا نییە.

پرۆگرامی ناوبراو لە زیاتر لە ١٢٠ جۆر کامێرا پشتیوانی دەکا. دەتوانێت فۆرماتی گشت کامێرا دیجیتالیەکان بخوێنێتەوە.

